**الاتحاد العام اللاجئين العراقيين في هولند**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**-Netherlands

# خۆپیشاندانی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لەهۆڵەندا

# لەدژی بڕیاری دەرکردنی پەنابەران ئەنجامدرا!

دوێنێ چوارشەممە8-2-2006 لەسەر داوای فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لەهۆڵەندا،خۆپیشاندانێکی سەرکەوتوو بەبەشداری دەیان کەس لەجالیەی کورد وپەنابەرانی عێراقی وژمارەیەک لەمامۆستا وقوتابیانی ئەو خوێندنگایەی کە(ڕاڤیار و ڕامیار)هەردوو منالّی (ڤیان ڕەئوف وئالان عومەر) لێی دەخوێنن،لەشاری دەنهاغ ئەنجامدرا. سەرەتا کاتژمێر12:00خۆپیشاندەران وهەڵسووڕاوانی فیدراسیۆن لەمەیدانی بەردەم سەنتراڵ ستاسیۆن کۆبوونەوە وبەشۆر وشەوقەوە سەدان بەیاننامەی فیدراسیۆنیان بەزمانی هۆڵەندی وکوردی وعەرەبی بەناو خەڵکدا بڵاوکردەوە کەپێشوازییەکی گەرمی لێکرا. پاشان کاتژمێر 12:30دوای ڕیزبەستنی خۆپیشاندەران وبەرزکردنەوە وڕازاندنەوەی ڕێپێوانەکە بەچەندین لافیتە وشیعاری جۆراوجۆر بۆ پشتیوانی لەمانەوەی خێزانی (ڤیان وئالان) وداوای بەڕەسمی ناسینی مافی پەنابەری بۆیان وهەڵوەشانەوەی بڕیاری بەزۆرناردنەوەی پەنابەرانی کورد وعێراقی، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێپێوان دەستی پێکرد لەگەڵ چاودێری وئاسایشی تەواوی پۆلیس و چاودێرانی فیدراسیۆنی پەنابەران بەبەرگی تایبەتەوە، بۆ بەردەم تەلاری پەلەمانی هۆڵەندا. خۆپیشاندەران بەلافیتە وشیعرەکانیان وبەدەنگی جاس وشاورلێدان سەرنجی خەڵکی شاریان بۆلای خۆیان ڕاکێشابوو. کاتژمێر 13:00ڕێپێوان گەیشتە بەردەم پەرلەمان وبەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەبەردەم تەلاری پەرلەماندا ڕاوەستان بۆ ئەوەی نوێنەری فیدراسیۆن (کاوە ئەلبەیانی) ڕێوڕەسمی گفتوگۆ ودانیشتن لەگەڵ نوێنەری پەرلەمان یاخود نوێنەری وەزارەتی دادی هۆڵەندا ڕێکبخات. (کاوە)لەگەڵ پەرلەمانتارەکاندا، بەتایبەتی پەرلەمانتارانی سەر بەپارتی سۆشیالیستی هۆڵەندی ووتو وێژی کرد ولەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە نوێنەری فیدراسیۆن ویەکێک لەئەندامانی خێزانی ڤیان ڕەئوف ویەکێک لەمناڵەکانیان بچنە لای نوێنەری وەزارەتی دادی هۆڵەندی. ئەوە بوو کاوە سەعید وڤیان ڕەئوف وڕاڤیار بەیاوەری پۆلیس چوون بۆ وەزارەتی داد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵیان.

بەگەشتنی نوێنەری فیدراسیۆن وڤیان ڕەئوف بۆ وەزارەتی داد لەلایەن بەڕێزJeannette F. van Leeuwenنوێنەری وەزیری داد ووەزیری کاروباری کۆچ وپەنابەران(ڕیتا فێردۆنک)ەوە پێشوازیانلێکرا. پاش قسەوباسی نوێنەری فیدراسیۆن(کاوە ئەلبەیانی) دەربارەی وەزعی نالەبار ونامرۆڤانەی هەزاران پەنابەری کورد وعێراقی لەهۆڵەندا کەبەهۆی چاوەڕووانییەکی لەڕادەبەدەر وبێوەڵامییانەوە بەسەری دەبەن، وەئێستاش حکومەتی هۆڵەندا بەزۆر وبەپێچەوانەی خواستی خۆیانەوە دەیەوێت پەنابەران ناچاربکات بەزۆر ئیمزای گێڕانەوەیان پێبکات بۆ ناردنەوەیان بۆ عێراق وکوردستان، وەکو چۆن پۆلیسی شاری (ئایندهۆڤن)هەفتەی ڕابردوو وویستبووی بەزۆر ئیمزا بە ڤیان ڕەئوف بکات. لەکاتێکدا ڤیان ڕەتی دەکاتەوە 4ڕۆژ لەژووری ئینفرادیدا زیندانی دەکەن. هەروەها باسی ئەوەی کەعێراق نەک کۆمەڵگایەکی ئارام نییە بەڵکو بەتەواوی بۆتە مەیدانی جەنگ وکوشتار وتیرۆر وتەقاندنەوەی هەمەڕۆژە، وەدەیان دەستەوتاقمی ئیسلامی وقەومی وعەشیرەیی کراونەتە حاکمی سەرسەری خەڵکی ئەو وڵاتە،ناردنەوەی پەنابەران بۆ ناو ئەو دۆزەخە کارێکی ناڕەوا ونامرۆڤانەیە وپێچەوانەی پەیماننامەی پەسەندکراوی کۆمەڵەی نەتەوەکانە. هەروەها نوێنەری فیدراسیۆن ئەوەشی ڕوونکردەوە کەئێمە وەکو نوێنەری پەنابەرانی کورد وعێراقی وەخودی پەنابەرانیش بەشێوەیەکی گشتی ئەوە ڕەتدەکەینەوە بەزۆر بێت یاخود بەئارەزووی خۆیان بگەڕێنرێنەوە بۆ ناو کۆمەڵگایەک کەهیچ گۆشەیەکی جێگیرنییە وئارامی تێیداهەڵگیراوە. بۆیە داوامان لە وەزارەتی داد وحکومەتی هۆڵەندا ئەوەیە کەدەستهەڵگرێت لەم سیاسەتە دژی پەنابەرییە ومافی پەنابەری بەڕەسمی بناسن بۆ سەرجەم پەنابەرانی کورد وعێراقی ولەپێش هەمووشیانەوە ڤیان ڕەئوف وخێزانەکەی دەبێت بگرێتەوە. هەروەها کاوە پێی لەسەر ئەوە داگرت کەئەم خۆپیشاندانەمان بۆ ئاگادارکردنەوەی حکومەت وەبۆ گەیاندنی ئەم خواستانە بەڕێخستووە. ئەگەر وەڵامی پۆزەتیف بەخواستەکانمان نەدرێتەوە خۆپیشاندانی گەورەتر سازدەکەین. پاشان نامەی فیدراسیۆن ونامەی پشتیوانی قوتابخانەی (ڕاڤیار و

ڕامیار) بۆ خۆپیشاندانەکە وبۆ ڤیان وخێزانەکەی ونامەی دەستی چەند پەنابەریشی تەسلیمکرد بەبەڕێزی. هەروەها ڤیان ڕەئوفیش ووێڕای دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆی بەمامەڵەی پۆلیسی شاری ئایندهۆڤن وسیاسەتی دژی پەنابەری حکومەتی هۆڵەندا، دوو نامەی خۆی وئالانی هاوسەری پێشکەشکرد وداوایکرد کەمافی مانەوەی هەمیشەیی بۆ خۆی وخێزانەکەی بەڕەسمی بناسرێ وتەئکیدی کردەوە کەبەهیچ جۆرێک ناگەڕێنەوە بۆ کوردستان. لە کۆتاییدا Jeannette F. van Leeuwen نامە وداواکاریەکانی وەرگرت وبەڵێنیپێدان کەنامە وداواکانیان بەشوێنی خۆی دەگەیەنێ و لەماوەی 3هەفتەشدا وەڵامیان دەداتەوە لەڕێگەی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقیەوە. گفتوگۆکان 30دەقیقەی خایاند وبەدوای کۆتاییهاتنیدا وەفدەکە گەڕانەوە بۆلای خۆپیشاندانەکە. کاوە سەعید دەربارەی گفتوگۆکان بۆ خۆپیشاندەران دووا بەزمانی کوردی وهۆڵەندی ودوای بەرز نرخاندنی ئامادەیی وبەشداریان لەم خۆپیشاندانەدا بەتایبەتی مامۆستایان ونوێنەرانی خوێندنگای مناڵەکان، داوای لێکردن کەیەکگرتووانە لەگەڵ فیدراسیۆنی پەنابەراندا لەپێناوی خواستەکانیاندا خەباتبکەن، وەئەوش تەنها ڕێگای بەدەستهێنانی مافی پەنابەرییە. بەمجۆرە لەناو ئامادەیی زیاتر بۆ تێکۆشان لەم پێناوەدا خۆپیشاندانەکە کۆتاییپێهات.
جێگای باس و ووتنە کەژمارەیەکی زۆر کەم لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەی داپۆشینی خۆپیشاندانەکە بوون،چونکە بەشوێن ئاگادارکردنەوەی چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی وڕادیۆیی وڕۆژنامە وڕاگەیاندن لەلایەن فیدراسیۆنەوە لەڕێگای ئی مایل وتەلەفۆنەوە،ئوسوڵەن ئەو دەزگایانە پەیوەندی دەکەن بەوەزارەتی دادەوە بۆ دڵنیایی، بەڵام وەڵامی وەزارەت ئەوە دەبێت کە خۆپیشاندانێکی وا لەئارادانیە. بێگومان ئەمە جێگای ناڕەزایەتی فیدراسیۆنی پەنابەرانە و بۆ بەدوواداچوونی ئەم مەسەلەیە داوای توێژینەوە دەکەین لەگەڵ وەزارەت وپۆلیسی شاری دەنهاغ. سەرەڕای ئەوانەش ڕۆژنامەی (ئایندهۆڤن بیرۆ بلاد) چاوپێکەوتنی لەگەڵ (کاوە ئەلبەیانی)دا سازکرد ولەژمارەی ئەمڕۆیدا بڵاویکردۆتەوە.

هەر لەم دەفەتە کەڵکوەردەگرین وداوا لەگشت پەنابەرانی کورد وعێراقی دەکەین کەبۆ بەرگری لەخۆیان ولەمافی مانەوەیان ومافی ژیانیان دەبێت چیتر دوورەپەرێز نەوەستن وبیر لەتێکۆشان وخەباتی یەکگرتووانە بکەنەوە. دەستەوەستان دانیشتن وخۆخواردنەوە لەکونجی کەمپ وژیانی دوور لەئینسانی وبێوەڵامیدا کەسایەتیان وورد دەکات وبەتاک وتەنهایی هیچ شتێکیان پێناکرێت. ڕێگای شایستە وسەربەرزانە یەککرتووبوونیانە لەدەوری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی وئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بەرلە هەر شتێک بۆ قووتاربوونیان لەتەنیایی. پەرش وبڵاوی وچاوەڕووان وەستان بۆ وەڵامی کەیسەکانتان لەوەی تائێستا بینیوتانە زیاتر چاوەڕووان مەبن. سیاسەتی دژی پەنابەری حکومەتی هۆڵەندا شانبەشانی وولاتانی دیکەی ئەوروپایی ڕووی لەوەیە کەئۆردووی کۆچکردووانێک لەووڵاتانی خۆیانەوە بۆ دەربازبوون لەسەرکوت وجەنگ وبێمافی وچەوسانەوەی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی کەهاتوونەتە ئەوروپا بەشوێن ژیانێکی شایستەدا، بگێڕنەوە بۆ ژێردەستی دەوڵەتێکی قەومی-ئیسلامی فاشیست کەبەهاوکاری ئەمریکا خەریکی دامەزراندنین. وەرن لەدەوری یەک لەناو فیدراسیۆنی پەنابەراندا ببنە هێزێکی گەورە لەپێناوی ئەوەی نیازی خۆتانە وڕێگای سەخت ودژوار وپڕموجافەتان بۆی بڕیوە. هەڵسووڕاوانی فیدراسیۆن بەگەرمی ئامادەی ڕابەرایەتی کردنی خەباتی ئێوەی هەیە وخۆشتان شاهیدی دەور ونەخشی بوون لەساڵانی ڕابردوودا.

بۆ بینینی دەنگدانەوەی خۆپیشاندانەکە لە هۆڵەندا سەیری ئەم لینکە بکە:
http://www.eindhovensdagblad.nl/helmondregio/article80911.ece

## فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لەهۆڵەندا
## 2006-2-9

دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ هەڵسووڕاوان ونوێنەرانی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لەشارەکانی هۆڵەندا بگرن :-

* کاوە ئەلبەیانی زڤۆڵە 0615184684
* ڕزگار ساڵح دەنهاغ 0640792055
* دانا بەهادین ئەنسکەدەی 0613724409
* فێنک عومەر هێلڤەرسوم 0648976389
* حەمەغەفور ئەمستردام 0626730602